www.kurdistannet.org
24-7-2006 13:55بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## دەردی دووری ... تەها ئەلی

ئەشکی دووریت بە حەسرەت تر لە چاوانم دێتە خوارێ
جەوری قوودرەت بۆ دیدارت شێتی کردم، کوانێ بوارێ؟
ئەشکی تالْم، دەردی حالْم، سەبەبی غوربەتی تۆیە
نزای شەوم بۆ ویسالْتە، قەدەر دەلْێ :کورە جارێ
سەبرم نەما، عەقلْم سوا، فرمێسک بوو بە هاورێی شەوم
پێکەنینم دەمامکە، رێگە نییە بۆ فیرارێ
سۆمای چاوت، پرچی نیوە ئالْزکاوت بۆ وەهای کرد؟
عەبەسییەکی وەکو من ببێ بە عەبدی روخسارێ
بەسە جەفا، دە وەرەوە، چۆن دلْت دێ بمسوتێنی
وا خەریکە وەکو مەجنون دەبم بە نمونەی شارێ
گەر بە گومانی لە عیشقم وەرە و دلْم بکەرەوە
لە تۆ زیاتر کەسی تیا بوو بمگۆرەوە بە دلْدارێ
بوونم هیچە، بە بێ نوورت، خودا دادێ، خودا دادێ
بە گوریش بم، بە هەشتیم من، کوشتەم بە چاوی عەییارێ*
رەقیب گەر بووە بە یارت، مەیلت بە کە سی تر داوە
بیدرکێنە و دلْم لە تکە با بمرم وەک دەردەدارێ

---

کێوی گور ئەو کێوە بوو کە کاتێک خودا گفتوگۆی لە گەلْ موسادا دەکرد جێ ژوانیان ئەوێ بوو، کێوەکەش سوتاوی عیشقی نوری خودایە هەر لە بەر ئەوەشە کە رەش داگەراوە*